# سیاسەتی ڕاسیستی حکومەتی ئەڵمانیا لەبەرامبەر پەنابەرانی عێراقی دا !

عرفان کریم arfan96@yahoo.de

لەکاتێکدا رۆژانە میدیاو دەزگاکانی راگەیاندن لەسەرتاسەری جیهاندا گوزارش لەسەر روداوەکانی تەقینەوەو بەربڵاوبونەوەی مەودای جەنگی تیرۆریستەکان لە عێراقدا دەدەن و چەندین رێکخراوی مرۆڤی لەناوخۆ وجیهاندا بە ئامار ودیکۆمێنت باس لەئاستی فەلاکەتی گوزەران و ژیانی پر لەمەرگەساتی خەڵک دەکەن، کوژرانی نزیکەی( 700.000) کەس لەچوارساڵی رابوردودا و ئاوارەبوونی یەک ملێون ونیو لەدانیشتوانی ناوچە جیاوازەکانی عێراقدا بەرەو وولاتانی دەوروبەر لە ترسی جەنگی ناوخۆو دەستدرێژی میلیشیا چەکدارەکان بۆ سەر ماڵ وژیانیان و وێران بوونی سەرجەم بنەما ئابووری وکۆمەلایەتیەکان ،وەلەم بارودۆخە پر لەکارەساتەدا کەوا مەسەلەی کۆچی سەدان هەزاری خەڵکی عێراق بۆتە کێشەیەکی مەزن لەناوچەکەدا ورێکخراوە مەدەنی ومرۆڤاییەکان لەجیهاندا بانگەواز بۆ پێویستی بەخشینی مافی پەنابەری ونیشتەجێکردن بۆ سەرجەم عێراقیەکان دەکەن ،هەرلەم کاتەدا حکومەتی ئەڵمانیا بەپێچەوانەی تەواوی ئەم واقعیەتە وراستی یە تالانە وبەپێشێلکردنی سەرجەم بریارو رێکەوتنامە جیهانییەکان سەبارەت بەمافی پەنابەران، دەستی داوەتە سیاسەتێکی رەگەزپەرستانە لە بەرامبەر پەنابەرانی عێراقیدا ولەژێر ناوی( ڤیدەروفن __ واتە چاوخشاندنەوە بە کێسەکان) بریاری لێسەندنەوەی مافی پەنابەری و دەرکردنی لەبەرامبەر دەیان هەزار پەنابەری عێراقیدا دەرکردوە وئاستی دانی مافی پەنابەری بۆ عێراقیەکان هێناوەتە کەمترین رێژە کە لە خوار 5% مەزندەدەکرێت، ئەم بریارەی حکومەتی ئەڵمانیا لەژێر بیانۆیەکی پوچ وبێناوەرۆکدا هاتوە بەوەی کە (**بەدوای هێرشی ئەمریکا بۆسەر عێراق لەمارسی 2003 رژێمی سەدام حوسێن رووخاوەو لەمەودا هیچ کەس دووچاری هەرەشەو زیندانی کردن نابێت وعێراق وولاتێکی ئاسایشەو پەنابەران ئیتر هیچ بیانۆکیان نەماوە بۆ بەهرەمەندبون لەمافی پەنابەری ومانەوە لەئەڵمانیادا**) . سەرانی حکومەت لەئەڵمانیا بۆ بەکارهێنانی ئەم کێشەیە لەبازاری هەڵبژاردن و بەمەبەستی هەڵخراندن وجولاندنی دەمارگیری قەومی لەنێو خەڵکی ئەڵمانیادا زۆر بێ شەرمانە کەوتونەتە پروپاگەندەی راسیستی لە بەرامبەر پەنابەرانی عێراقیدا لەوانە نمونەی لێدوانی وەزیری ناوخۆی هەرێمی بایەر (گوینتەر بێکشتاین ) بۆمیدیاکان بەوەی (مانەوەی عێراقیەکان ریسک ومەترسیەکە بۆسەر ئەمنیەتی ئەڵمانیا ).

ئەم سیاسەتە رەگەزپەرستیەی حکومەت کەوتۆتە بەر ڕەخنەی توندی رێکخراوەکانی دیفاع لەمافی پەنابەران ومافی مرۆڤ لەناوخۆی ئەڵمانیا ولەئاستی نێونەتەوەیی دا، بەگوێرەی راپۆرتێکی رێکخراوی (پرۆ ئازیل)ی ئەڵمانی کە لە بڵاوکراوەی مانگانەی خۆیدا ( نیوس لەیتەر __هەواڵنامە) ژمارەی 120 ی مانگی یانیوەری 2007 ) *

بڵاوی کردۆتەوە ئەم ڕێکخراوە شکاتنامەیەکی لەدادگای ئەوروپی دا لەبەرامبەر حکومەتی ئەڵمانیا بەرزکردۆتەوە،لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا خاتو (پێلزەر) کە یاساناسێکەو لەریکخراوی (پرۆ ئازیل) کاردەکات ئاماژە بەپێشیلکردنی یاسا نێودەڵەتییەکان وبریارنامەکانی ڕێکەتنامەی جنێف بۆ مافی پەنابەری لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیەوە دەکات ولەوەڵامی پرسیارێکدا کەئایا سەرەڕای توندبونەوەی کردەوە تیرۆریستەکان لەعێراق وتێکچونی زیاتری بارودۆخی ئەمنی لەو وولاتەدا بۆچی حکومەتی ئەڵمانیا ئەم ڕاستیە لەبەرچاو ناگرێ وفەرامۆشی دەکات ..؟ خاتو پێلزەر دەڵێ { بەرێوبەرایەتی دەوڵەت بۆ کاروباری کۆچبەران لەئەڵمانیا ،ئەم بارودۆخە وەکو حاڵەتیکی گشتی چاو لێدەکات ، و نایبەستێتەوە بە ژیانی گرووپ وکەسانێکی دیاری کراو ، ئەم لێکدانەوەیەش پێشێلکردنێکی ئاشکرای یاساکانی ڕێکەوتننامەی جنێفە، کەبەگوێرەی ئەو یاسایانە دەبێ بارودۆخی ئەو وولاتەی کە پەنابەران لێوەی هاتوون لەباری ئەمنییەوە بەتەواوی ئارام بێت } هەر لەدرێژەی چاوپێکەتنەکەدا خاتوو پێلزەر دەڵێ بەدوای ئەم بریارەی وەزارەتی کوچبەران تاوەکو ئێستا 18.000 هەژدە هەزار پەنابەری عێراقی نامەی (ڤیدەروفن)یان بۆرەوانەکراوە وئەم ژمارەیەش ڕۆژانە رووی لەزیادبوونە .

لە دیدارێکی دیکەی ڕۆژنامەوانیدا کە لەگەڵ پارێزەر خاتوو (ئانگلیکا لێکس)بەرپرسی کۆمەڵەی کوردی _ ئەڵمانی سازداوە سەبارەت بە نمونەیەکی زەق وئاشکرا لە ڕاسیسزم ورەگەزپەرستی حکومەتی ئەڵمانیا لە هەرێمی ( بایەر )، خاتوو ئانگلیکا بەتوندی نارەزایی خۆی بەرامبەر بە لێدوانەکەی وەزیری ناوخۆی هەرێمی بایەر بێکشتاین دەردەبرێ و دەڵێ { ئەم قسانەی بێکشتاین بەئاشکرا تەوهین وتەحقیرێکە بە خەڵکی وولاتێکی دیاریکراو }،هەروەها سەبارەت بە رەفتارو مامەڵەی دام ودەزگاکانی حکومەتی بۆ کاروباری بێگانەکان لەگەڵ عێراقیەکاندا لە هەرێمی ( بایەر )خاتوو ئانگلیکا دەڵێ { هەرێمی بایەر یەکێک لەوناوچانەیە کە ژمارەیەکی زۆر لەپەنابەرانی عیراقی تیایدا نیشتەجێن لێرە ئەو پەنابەرانە ڕوبەڕووی چەندین مامەڵەی سەخت و ڕێگری قورس بوونەتەوە لەلایەن دام ودەزگاکانی دەوڵەتەوە ،بۆ نمونە لەکاتی درێژکردنەوەی مۆلەتی نیشتەجێبوون وپاسەپۆرتدا ،یاخود لەکاتی زەواجکردن و بەیەکگەیشتنی خێزانەکاندا وهەروەها لەکاتی داواکردنی مافی بەهاووڵاتی بوون واتە (سیتزن) ی ئەڵمانی، لەزۆربەی داواکاریە یاسایی یەکاندا سەرەرای ئەوەی پەنابەرانی عێراقی سەرجەم مەرج وداواکاریەکانی دەوڵەتیان جێبەجێکردوە بەڵام ئەو دام ودەزگایانە بەبیانوی سەیرو وجۆراوجۆرەوە ڕێگریان بۆ دروست دەکەن و کارەکانیان بۆ ناکەن ،نمونەی مەرجەکانی ئیقامەی دائیمی کە بەگوێرەی یاسا هەر پەنابەرێک دوای حەوت ساڵ مافی وەرگرتنی ئەو جۆرە ئیقامەیەی هەیە بەڵام لە (بایەر) بە جیاواز لەزۆربەی هەرێمەکانی دیکەی ئەڵمانیا دەڵێن هەشت ساڵەو دەبێت پەنابەری عێراقی دەبێت کۆنتراکت واتە عەقدی کارێکی دائمی هەبێت و هاوکات بۆ ماوەی شەست مانگ بیمەی خانەنشینی دابێت وچەندین

مەرجی دیکە کە تەنها لەبایەر داوادەکرێت}،سەبارەت بەهەمان کێشە (ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی _ئەمنستی ئەنتەرناسیونال) راپۆرتێکی لەسەر بارودۆخی پەنابەرانی عێراقی لەئەڵمانیا بڵاوکردۆتەوە وتیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم سیاسەتەی حکومەتی ئەڵمانیا بەلێسەندنەوەی مافی پەنابەری لە عێراقیەکان لەراستیدا فشار هێنانە بۆ ئەوەی پەنابەران بەناچاری وپاشان (خوازیارانە) بریاری گەرانەوە بدەن بۆ عێراق !

بەگوێرەی ئەم راپۆرەتەی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال { رێکەوتنامەیەک لەنێوان نوێنەری حکومەتی عێراقی و نوێنەرانی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لە کوردستاندا (یەکێتی و پارتی )لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیادا مۆرکراوەو بریار لەسەر دەرکردن ورەوانەکردنەوەی ئەوکەسانەی کە (سزای یاساییان لەسەرە) بۆ کوردستانی عێراق دراوە. لەم راپۆرتەدا رێکخراوی ئەمنیستی بەتوندی رەخنە لەسیاستەکانی حکومەتی ئەڵمانیا سەبارەت بە بریاری (ڤیدەروفن ) وئەورێکەتنامەیە لەگەڵ حکومەتی عێراقی و نوێنەرانی یەکێتی وپارتی دەگرێت ولەنامەیەکدا کە بۆ وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا بەرزی کردۆتەوە ئەمنستی خوازیاری ئەم داواکاریانەی خوارەوەیە { 1.نابێت بەهیچ شێوەیەک پەنابەرانی عێراقی لەو وولآتانەی کە لە چوارچێوەی یەکیتی ئەوروپادان دەربکرێن و مافی پەنابەریان لێبسێندرێتەوە ،2 .سەرجەم پەنابەرانی عێراقی لەوولآتانی نێو یەکێتی ئەوروپا بەهرەمەندبن لە مافی پەنابەری ،3. پەنابەرانی عێراقی دەبێ مافەکانیان پارێزراو بێت بەگوێرەی یاساکانی رێکەوتنامەی جنێف بۆ مافی پەنابەران }.

ئەگەرچی ئەم زانیارانەی سەرەوە باس لە حاڵەتێکی دیاریکراو دەکەن لەنێو دەیان بریارو یاسای راسیستی لەئەڵمانیا کە حکومەت ودام ودەزگاکانی دائیرەی بێگانەکان رۆژانە ئازارو ئەشکەنجەی روحی و دەرونی پەنابەرانی پێدەدەن ،بەڵام لەمەش مەترسیدار تر سیاسەتی (ئیتفاقات ورێکەوتنامەی ژێربەژێری نێوان نوێنەرانی حکومەتی عێراقی و دەسەڵاتی یەکێتی وپارتییە لەگەڵ حکومەتی ئەڵمانی بۆ بەزۆر دەرکردنی پەنابەران و رەوانەکردنەوەیانە بۆ کوردستان ) هەروەکو چۆن لەبەریتانیا ئەم کارەیان ئەنجامدا.

ئەم کردەوە راسیستانەی حکومەتی ئەڵمانیا لەبەرامبەر پەنابەرانی عێراقی وپەنابەران بەگشتی بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەناکۆکی سیستەمی (دیموکراتی سەرمایەداری ) لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ و پابەندنەبوونی ئەم سیستەم و دەسەڵاتە بەرێکەوتنامە وبریارە نێودەوڵەتیەکان کە خۆیان لەسەردەمانێکدا مۆریان کردوە، تاقیکردنەوە نیشانی داوە کەوا پەنابەران تەنها بەرێکخستن و هاتنەمەیدان و نارەزایەتی دەربرین دەتوانن دیفاع لەمافەکانی خۆیان بکەن وبەر بەم جۆرە سیاسەتە رەگەزپەرستیانە بگرن ولەمافی نیشتەجێبوون بەهرەمەندبن،خەباتی چەند ساڵەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی وەک رێکخراوێک بۆ دیفاع لەمافەکانی پەنابەرانی عێراقی لەچەندین ووڵات ولە ئاستی نێونەتەوەییدا و هاوکات وەک سەنگەرێک بۆ بەهێزکردنی

بزووتنەوەی نارەزایەتی پەنابەران دەسکەوتێکی مەزنەو دەکرێت لەچوارچێوەی تەجروبەو توانابییەکانی ئەم رێکخراوەدا پەنابەرانی عێراقی لەئەڵمانیا ریزەکانی خۆیان رێکبخەن و بەپاڵپشت وکۆمەکی دەیان رێکخراو وئەحزابی چەپ وئینساندۆست لەم وولاتەدا سەرجەم ئەو یاسا رەگەزپەرستی و راسیستیانە هەڵبوەشێننەوە.

16.04.2007

---

*) www.proasyl.de